# کارکردی زمان و ڕیوایەت و هزر
# لە داهێنانی دەقی ئەدەبیدا

**هادی حەبیبی**
**(سەردەشت)**

**کورتەی وتار:**
هەر بابەت و بەرهەمێکی ئەدەبی کە جیلوەیەک لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو، ڕاستییەکەی بە زمان و شێوە ڕیوایەتێکی هونەرییەوە دەست پێ دەکا و بە هزرەوە دەگاتە لووتکە. ئەم پەیڤە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە و دەکرێ بڵێین بابەتەکە لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێ و لەسەر دەستی زمان و ڕیوایەتەوە دەگاتە ئەنجام. بە واتایەکی دیکە دەقێکی کارامە لە گشتییەتی خۆیدا بە کەرەستەی زمانەوە، شێوازێک لە گۆشەنیگا و ڕیوایەت ئەزموون دەکا و هەر لەو ڕەهەندەوە هزرێکی هۆشیار بە دەستەوە دەدا. ئەم وتارە جەخت لە سەر ئەو سێ بنەمایە دەکا کە یەک لە دوای یەک، کارسازانە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا پێک دێن و هەرکامەی بە کارکردێکەوە لە داهێنانی دەقدا دەور دەگێڕن.

**واژە کلیلییەکان:** زمانی ئەدەبی، ڕیوایەت، هزر، ئێکسپێرسیۆنیسم، چەند واتایی.

**سەرەتا:**
پێش هەموو شتێک چەمکی «زمان»، چەمکێکی ئامرازییە کە لە پێکهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا دەور دەگێڕێ و مەبەست لە ئامراز بوون ئەوەیە کە لە ماهییەتی خۆیدا، بە بەرچاوترین شێوە کارسازە و لە دەستی نووسەردا کەرەستەی هزر و بیرە. لە ڕوانگەی کۆرتهۆپ، شیعرناس و توێژەری ئەدەبی سەدەی نۆزدەدا «زمان شتێکە کە بۆ گەیشتن بە لووتکەی ئەندێشە و خەیاڵ، پاڵپشتی ڕاستەقینەی هزرە.» (وبستر، ١٣٨٢: ٥٥) شایانی ئاماژە پێکردنە کە ئەو نووسەرە سنوورەکانی «ئەندێشە» و «خەیاڵ»، لە «زمان» بە جیاواز دادەنێ و بەو بۆنەیەوە ڕەخنەی وێژەیی لە توێژینەوەی زمانی جیا دەکاتەوە.

لە سەدەی بیستەمدا زمان و وێژە بە شێوەیەکی ئاکادیمیک و جیاوازتر لە پێشوو، خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ، و بە تایبەت زمان لە چەمکی خۆیدا بە شکڵێکی مێژوویی دەکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، کەوابوو دەسپێکی سەدەی بیست

لە ئوروپا، دەورەیەکی گرنگی مێژوویییە کە زمان و گوتاری ئەدەبی، سەرلەنوێ پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێ و ئەندێشەکانی فردینان دو سوسێر دەبنە بنەمای بزاڤێکی زمانی بە ناوی پێکهاتەگەرایی، کە بێگومان واتایەکی بەرفراوانتری لە خوێندنەوەی ئەدەبی هەیە. (هەمان: ٥٦)، بەڵام ئەوەی لە دەسپێکی ئەم وتارەدا جەختی لەسەر دەکرێ، زمانی ئەدەبییە کە هاوکات لەگەڵ ڕیوایەت و هزردا، بنەمای دەقیان لەسەر ساغ دەبێتەوە. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە زمان بە گشتی و زمانی ئەدەبی بە تایبەتی، لە توێژینەوەی سوسێر «زمانناسی سووئیسی سویسرایی»دا بە شێوازێکی بەرچاو پەرەدەستێنێ و ئەو بیرمەندە لە هەنگاوی هەوەڵدا زمان بە نیزامێکی نەک داسەپێنراو، بەڵکوو دڵخواز و قەراردادی (بەرنامەڕێژی) پێناسە دەکا. دیارە مەبەستی لە واژەی «قەرارداد»یش ئەوەیە کە زمان سیستمێکی ڕەمزی و دیاریکراوە کە کۆمەڵگە لەسەری ڕێک کەوتوون، بۆوەی لەگەڵ یەکتریدا پێوەندی و دیالۆگ ساز بکەن. (هەمان: ٥٧).

لە درێژەی بۆچوونەکانی سوسێردا و بە پێچەوانەی میتۆدی نەریتی توێژەرانی ئینگلیزی کە ماهییەتی وێژەیان بە شێوەیەکی تایبەت، لە ئەزموون و بایەخە ئەخلاقییەکاندا دەدیتەوە، ئەوجار ئەدەبیات بە پێی تایبەتمەندییە زمانییەکەی خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و ئەو جیاواز بیرییەش حەقیقەتێکە کە تا چاخی ئێمە درێژەی هەبووە و بەردەوام لقوپۆپی تازەی لێ بووەتەوە، هەر بۆیە ئەو ئەسڵەی کە لە سەرووی هەمووانەوە بە زەقی دیارە و ئاستی هەڵکشان و داکشانی دەق بە ڕاشکاوی بە دەستەوە دەدا، زمانی ئەدەبییە.

بە شێوەیەکی گشتیتر دەکرێ بکوترێ زمان لە هەر ژانرێکی ئەدەبیدا کەرەستەیەکی سازندەیە (بنیادنەرە) و نکوڵی لێ ناکرێ کە لە هێنانە ئارای هەر شێوازێکی تازەدا قسەی هەوەڵ دەکا. «زمان بێجگە لەوەی بەیان دەکا و دەردەبڕێ، هەروەها سەرەڕای ساز دانی بەڵگە و پێوەندی و بە دەستەوەدانی بەهرە و دەسکەوتەکانی خۆی، ئەرکێکی گرنگتر کە بەڕێوەی دەبا، ئەوەیە کە ڕێ خۆش دەکا بۆوەی سەرجەمی ئەو بایەخە پەیڤییانەش بێنە میحوەری خەیاڵەوە و لە نیهایەتدا دەرک و تێگەیشتن لە زمان، دەست پێ ڕاگەیشتن بە هێزی هزرە» (چامسکی، ١٣٩٣: ١٢) کەوابوو زمان ڕەگەزێکە کە تێگەیشتن دەسازێنێ و هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕیوایەتی جۆراوجۆری ناو دەقی ئەدەبی، خۆی بە شێوازێکی نیزاممەند لەگەڵ ئەندێشەدا گرێ دەداتەوە.

بە ئاوڕێکی خێرا لە قوتابخانە زانستییەکانی سەدەی بیست بەولاوە، بۆمان دەردەکەوێ کە خودی ڕەخنە لە گشتییەتی خۆیدا و لە مەودای پێش لە دەیەی ١٩٥٠ی زایینی، تەنانەت زۆر دواتریشدا «نووسەر ـ میحوەر» بووە و دوایی لە درێژەی ئەو بیرۆکەیەدا، ڕەخنەگرانێک هەڵکەوتوون کە گومانیان لەو ڕێبازە کردووە و بە وەرچەرخان بەرەو دەق، دەوری نووسەریان لە جوغزی بەرهەمی ئەدەبیدا وەلا ناوە، هەرچەند کوتنی ئەو ڕاستییە لێرەدا پێویستە کە لە دەقی داستانیی پاش مۆدێرنیتە، نووسەر پاژێک نا، بەڵکوو کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانە کە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ و بەو بۆنەیەوە ڕاستەقینە و خەیاڵ لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەکا.

بە پێچەوانەی بیرۆکەی جێمز جۆیس کە پێی وایە نووسەر، خوڵقێنەرێکە و لە دوای خوڵقاندنی جیهانە خەیاڵکردەکەی، لێی دەکشێتەوە و تەنیا دەڕوانێتە کەسەکانی ناو ڕۆمان و ڕێگە دەدا بۆخۆیان چارەنووسیان دیاری بکەن. بە هەرحاڵ

ئاڵوگۆڕی ڕوانگەی «نووسەر ـ میحوەر» لە خۆیدا ئەو ڕاستییەمان پێ ڕادەگەیەنێ کە ئەوە نووسەر نییە واتا دەخوڵقێنێ، بەڵکوو هەر جۆرە ناوەرۆکێک لە ناو دەقی ئەدەبیدا، دەسکەوتی زمانە. دیارە زمانیش دیاردەیەکە کە هەم بە نیسبەتی قۆناغ و هەم بە ڕادەی لێهاتوویی بەردەنگ، لە چوارچێوەی دەقدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ.

لە ڕوانگەی دوکتۆر شەمیسادا: «واتای هەر بابەتێک، بە شێوازێک لە زماندا ڕەنگدانەوەی هەیە، بۆ نموونە بزاڤی ئێکسپێرسیۆنیسم کە حاڵەتێکی دژوازانە و هەیەجانی تێدایە، لە دێڕ و ڕستەشدا هەر بە شێوەیەکی نائاشکرا و تێکەڵ پێکەڵ خوویا دەبێ و پیشاندەری دڕدۆنگی و کەڵکەڵە هزرییەکانی کەسیی نووسەرەکەیەتی.» (شمیسا، ١٣٩٤: ٤٥) بارت بە ڕاشکاوی ددانی پێدا دەنێ کە: «لە دەقی ئەدەبیدا، زمانە کە دیالۆگ دەکا، نەک نووسەر، چونکە کاتێک دەق بڵاو بووەوە، ئیتر پێوەندی نێوان نووسەر و دەق دەبڕێتەوە و دەق لە واتای خۆیدا بە بوونێکی سەربەخۆ دەگا.» (وبستر، ١٣٨٢: ٣٦)

خاڵی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە بزاڤی «ڕەخنەی نوێ»، یان فۆرمالیزم چ لە ڕووسیا لە بواری زمانییەوە و چ لە ئەمریکا و فڕانسە لە بواری دەق میحوەرییەوە، هەمووی هەر بە شێوەیەک زەقکردنەوەی شکڵ و فۆرمی بەرهەمی ئەدەبی جیاواز لە نووسەرە. لە هەر حاڵدا بارت بە «مەرگی نووسەر» و فووکۆ بە تێزی «نووسەر- کارکرد»ەوە هەرکامەی لە جێی خۆیدا خەریکن سەربەخۆیی دەق و زەقکردنەوەی زمان لە چوارچێوەی بەرهەمی ئەدەبیدا تیۆریزە دەکەن و لە میحوەری «نووسەر- دەق»دا لایەنێکی سێیەم بە ناوی «بەردەنگ» بەرجەستە دەبێتەوە کە لە کۆتاییدا ناوەرۆکە زمانییەکان تێیدا بە عەینییەت (وەبەرچاو) دەگا. فۆرمالیستەکانی ڕووس تەنیا بە باسی زمان داناکەون و لە ڕوانینێکی ورد و ژیرانەتردا، تەنانەت بە کاریگەری و دەوری واژە لە شیعردا دێنەوە. «واژە لە ڕوانگەی ئەو تاقمەدا کاتێک لە شیعردا بەکار دەهێنرێ، پێگەیەکی ماقووڵتر و بەربڵاوتر لە ئاستی قامووسی بە خۆیەوە دەگرێ و نیزامێکی واتایی و مۆسیقایی کە شاعیر بە هونەری خۆی دەیخوڵقێنێ، واژە لە ئاستی فەرهەنگی وشە هەڵدەکشێنێ و پێگەی بە شێوەیەکی بەرچاوتر بەرز دەکاتەوە.» (شفیعی کدکنی، ١٣٩٢: ٤٠)

لە درێژەدا فۆرمالیزم هەر دێ و پەرەدەستێنێ، هەتا ئەوەی کە لە بیرۆکەی ریچاردز و لە تیۆری ڕەخنەی کردەوەیی زمانی ئەدەبیدا، بڕیاری لێبڕاو و ڕاستەقینەی خۆی دەدا. ڕیچاردز نووسەر و بیرمەندی ئینگلیزی، کە ئاوانگاردێکە (پێشەنگێکە) کە لێهاتووانە لە ئەرکی زمانی ئەدەبی دەدوێ و سنووری نێوان ئەو شێوە ئاخاوتنە لەگەڵ زمانی زانستیدا لێک جیا دەکاتەوە. لە ڕوانگەی ئەو بیرمەندەوە نووسەرانی دەقی زانستی، کەسێکن کە هەوڵ دەدەن لە ناڕوونی و چەند واتایی خۆ ببوێرن، بەڵام داهێنەری بەرهەمی ئەدەبی بە ئانقەست شێوە زمانێک هەڵدەبژێرێ کە پڕاوپڕی ئیبهام (تەمومژ) و مانای چەند لایەنەیە. هۆی ئەو هەڵبژاردنەش ئەوەیە کە نووسەری وێژە بە دوای ڕاگوێستنی زانیارییەوە نییە، بەڵکوو ئەرکی ئەو بە دەستەوەدانی ئەزموون و عاتیفەی ئینسانییە.

بە سەرنجدان بەوەی کە عاتیفە و ئەزموونی مرۆڤانەش تایبەتمەندییەکی ڕوون و بەڵگەمەندی لە

چوارچێوەی ڕاستەقینە زانستییەکاندا نییە، هەر بەو هۆیەوە ناکرێ بۆ بەیانی عاتیفە و ئەزموونی مرۆڤ، کەڵک لە زمانی زانست وەربگیرێ، کەوابوو ئەنجامی ئەو بیرۆکەیە ئەوەیە کە زمانی شاعیر بە گشتی، باری عاتیفی و ڕێنوێنی بۆ بەردەنگ هەیە. (پاینده، ١٣٨٢: ٢٠٢)

بەو پێیە شیعر و بە گشتی ئەدەبیات و هونەر لە ڕوانگەی ڕیچاردزدا، جۆرە ئەزموونێکن و ئەو ئەزموونانەش لە ماهییەتی خۆیاندا بایەخێکی یەکسانیان نییە، هەتا ئەو کاتەی کە دەگەنە قۆناغی سەرهەڵدان و بە کردەوە دەردێن. ڕێک لەو قۆناغەدایە کە لە مەحەک دەدرێن و بەو هۆیەوە ڕادەی سەرکەوتوویی نووسەر، یان هونەرمەند بە نیسبەتی نووسەر، یان هونەرمەندێکی دیکە ئاشکرا دەبێ، بۆیە دەکرێ بڵێین سەرکەوتوویی ئەزموونێک بەر لە هەموو شتێک لەوە دایە کە بە شێوازێکی لێهاتووانە لەگەڵ بەردەنگ یەک بگرێتەوە و ڕاستییەکەی هونەرمەندێک سەرکەوتووترە کە بەرهەمەکەی زۆرترین ڕێژەی سەرکەوتنی لە هەرێمی (ڕسانگی – گەیاندن)دا هەبێ. دەیجا سروشتییە کە هەموو ئەو هەوڵانە لە جوگرافیای زمان (مەبەست زمانی ئەدەبییە)دا پێک دێن، تەنانەت پێوەندی فەلسەفە لەگەڵ جیهانی هەستیشدا هەر لە ڕێبازی زمانەوەیە. لەخۆڕا نییە دەکوترێ ئەرکی زمانی ئەدەبی بە کردەوە، شکاندنی یاساڕێسای باو و وەپشتگوێ خستنی ستایل و هەنجارەکانی (ڕێساکانی) زمانی میعیارە (پێوەرە).

لەوەش گرنگتر ئەو ڕاستییەیە کە لە زانستی هێرمینۆتیکدا تووشی دێین و ئەویش ئەوەیە کە «بیرمەندانی وەکوو هایدگەر و گادامێر لەو باوەڕەدا بوون کە زمان، ماڵی هەستییە و دەتوانێ خودی هەستی لە قاب، یان لە چوارچێوەیەکدا قەتیس بێڵێتەوە، بەڵام هەستی ناتوانێ زمان تووشی ئێستایی بکا، لەبەر ئەوەی زمان ماهییەتێکی چەند واتایی هەیە.» (شمیسا، ١٣٨٨: ٣٦٧)، بە تایبەت هایدگەر فەیلەسووفی ئەڵمانی، بە ڕاشکاوی دەڵێ: «زمان بەیانگەری ئێمەی مرۆڤە.»، دەیجا کارامەبوونی بەرهەم، یان دەقێکی ئەدەبیش ڕاستییەکەی هەڵقوڵاو لە تایبەتمەندیی زمانییە، کە ئەویش لە خۆیدا خەریکە بە شێوازێکی چەند واتایی و فرەمانابییەوە، بەیانی هزر و ناخی دەروونی نووسەرەکەی دەکا. ئەسڵی چەند واتایی ڕاستییەکی لە ڕۆژ ڕوونترە و لە ڕەهەندی زمانەوە ئەو پەیڤەی ئێمە دەسەلمێنێ کە زمانی ئەدەبی بنەمای هەڵاواردنە و هەتا چەند واتایی زیاتر بوونی هەبێ، لە بەرانبەردا لێهاتوویی و کارامەییش ڕێژەی لە نێو دەقی ئەدەبیدا زیاترە، بۆیە لە یەک ڕستەدا مەبەست لە شیعر، هەمان بەدەستەوەدانی دەقێکی ئیهامی (خەیاڵاوی) و فرەمانایە. «بێگومان یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرمانەکانی شیعر لە هەر زمان و قۆناغێکی مێژووییدا، بابەتی چەند واتایی بوونی شیعرە و ڕەنگە شیعر واتایەکی دیکەی بێجگە لە «ئیهام» نەبێ. هەر تام و چێژێکی کە لە هونەری وەردەگرین، ڕاستییەکەی ڕیشەی بۆ چەند واتایی بوونەکەی دەگەڕێتەوە و ئەویش لە بواری سایکۆلۆژییەوە، پێوەندی بە ئەسڵی ئیرادەی ئازادیخوازییەوە هەیە و مرۆڤ لە ناخوداگای (خۆ بێ ئاگایی) خۆیدا بە هیچ کلۆجێ نایەوێ خۆی ڕادەستی شتێکی تایبەت بکا؛ با تەنانەت ئەو شتە، واتای نێو شیعر، یان دیاردەیەکی هونەری بێ.

ڕوحی مرۆڤ بێ ئۆقرەیە و لە دووپاتەبوون

بێـزاره، هــەر بۆیــە ڕووی خــۆش بــە هونــەری ئیهـام نیشـان دەدا و لـەو ڕەهەنـدەوە مافـی هەڵبـژاردن و ڕۆیشـتن لـە شـوێنێک بـۆ شـوێنێکی دیکە و لـە کۆتاییدا مافـی بڕیاردان و سـەربەخۆ بیرکردنـەوە بـە خـۆی دەبەخشـێ.» (شـفیعی کدکنـی، ١٤٠١: ٢١٨) لایەنـی چەنـد واتایـی لـە هـەر ژانرێکـی ئەدەبـی، بـە تایبـەت لـە شـیعردا، زەرفییەتێکـی وەهـا بـە دەق دەبەخشـێ کـە هـزری بەردەنـگ لـە ئاقـاری واتـادا دەوروووژێنـێ و بـە پەسـندیی زیاتـرەوە، بەردەنـگ لـە دەوری خـۆی کۆ دەکاتـەوە، کەوابـوو دەقـی بەردەنگ پەسـند، بێجگـە لـە سـەرکەوتنێکی وێژەیـی لـە قۆناغێکـی مێژووییـدا، بـە مانـا «بارت»ییەکـەی: دەقێکـی چێژبەخشیشـە. «دەقــی چێژبەخـش، دەقێکـە کـە دڵـی بەردەنـگ خـۆش دەکا و شـادی پـێ دەبەخشـێ، هەروەهـا دەقێکـە کـە ڕیشـەی لـە فەرهەنگدا هەیـە و ناپسـێتەوە.» (بـارت، ١٣٨٢: ٣٣) لـەو شـێوازە دەقـەدا هـەم لایەنـی تـاک ـ وەک دڵخۆشـکردنی بەردەنـگ ـ بایەخـی پـێ دراوە و هـەم ڕیشـە فەرهەنگییەکـەی ـ کـە شوناسـێک لـە زمـان و کولتـووری جەماوەرییـە ـ خراونەتـە ڕوو.

لێرەدایـە کـە دەبـێ بـڕوا بـەو ڕاسـتییە بێنیـن کـە دەق، ئاسـتی بـەرزی و نزمـی خـۆی لـە هەنـگاوی هەوەڵـدا لـە زمانـی ئەدەبی وەردەگرێ، ئـەوە زمانـە کـە ڕادەی سـەرکەوتنی دەق لـە پۆلێنکردنێکـی گشـتگیردا بـۆ بەردەنـگ ڕوون دەکاتـەوە.

وێـڕای زمـان، ڕیوایـەت، یـان شـێوازی گێڕانەوەی بابەتیـش هـەر خاوەنـی گرنگایەتییە، بگرە زۆرجار ڕیوایـەت لـە خـودی زمـان، زیاتـر دەور دەگێـڕێ، هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە ڕیوایـەت شـێوازێکە بـۆ تێکەڵکردنـی پـاژە زمانییـەکان، هەروەهـا هەوڵێکە بـۆ سـازدانی پێکهاتەیەکـی بەربڵاوتـر و جیاوازتـر لـە دەقـدا. بـۆ نموونـە ڕیوایەتێکـی داسـتانی، گەلێک جـار خـودی دەقەکەیـە کـە بـە زمانێکـی زارەکـی، یـان نووسـراوەیی چوارچێـوەی بابەتـی پـێ بەیـان دەکـرێ.

گرنگایەتـی ڕیوایـەت لەوەدایـە کـە خـۆی لـە خۆیـدا گۆشـەنیگای کەسـی و تایبەتـی نووسـەرە و ئاسـتی داهێنـان و لێهاتوویـی نووسـەر لـەو پاژەشـدا هــەر لــە مەحــەک دەدرێ. ڕیوایــەت ڕێـک وەک زمـان، ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە و هـەر لـە سـەردەمی ئەرستۆ بـەولاوە هەتـا ئـەوڕۆ بـە وێنـەی ڕەگەزێکـی سـەرەکی و بنەمایـی لـە چوارچێـوەی دەقـی ئەدەبیـدا سـەیر دەکـرێ.

ڕاجـر وبسـتر بیرمەنـد و زمانناسـی ئینگلیـزی، ڕیوایـەت بـە بنەمایـەک دادەنـێ کـە دوو هێـزی هزر و نووسـراوە و بـە گشـتی هـەر جـۆرە هێمایەکـی پێوەندیـدار بـەو دوو لایەنـەوە پێکهاتەمەنـد دەکا، هەروەهـا لـە مانیفێسـتی فۆڕمخوازەکانـی ڕووسـدا ڕیوایـەت چەشـنێک ماناشوناسـییە. دریدا و ڕیکـۆر هەردووکیـان لـەو بـاوەڕەدان کـە ڕیوایـەت لـە بەیانکردنـی کاتـدا دەورێکـی بنەمایـی دەگێـڕێ و مـرۆڤ، یـان بەردەنـگ لـە سـایەی ڕیوایەتەوەیـە کـە دەسـتی بـە واتـای ڕاستەقینەی زمـان ڕادەگا. بـە واتایەکـی دیکـە ئـەوە ڕیوایەتـە کـە هـەردوو پـاژی ڕابـوردوو و داهاتـوو بـە زمانـی حـاڵ دەگێڕێتـەوە، کەوابـوو شـیعر، یـان چیرۆک شـتێکە کـە دەکوتـرێ و ڕیوایەتیـش شـێوازی دەربڕیـن و بەیـان کردنەکەیەتـی. ڕیوایـەت هـاوکات لەگـەڵ زمـان، گۆشـەنیگایەکە کـە لـە قۆناغـی ئاخاوتنـدا ڕوو دەدا و لـەو ڕەهەنـدەوە وێکـڕا لەگەڵ جەرەیانی هـزر دەبنـەوە یـەک. زمـان ـ وێـڕای ڕیوایـەت ـ لەگـەڵ هـزردا، هونـەر و زانسـتی وێـژە پێـک دێنـن و زۆرتریـن کاریگەرییـان لەسـەر داهێنانـی دەقـی ئەدەبـی هەیـە.

بە سەرنجدان بەوەی کە زمان لە ماهییەتی خۆیدا شوناسسازە، هەر بەو پێیە لە میحوەری هونەریی پەیڤدا، ئەوە زمانە کە شوناس بە دەقی ئەدەبی دەبەخشێ. ڕیوایەتیش کە شێوازێک لە گۆشەنیگایە، ڕاستییەکەی جۆری جیهانبینیی و ڕوانگەی نووسەرمان لێ ڕوون دەکاتەوە، پاشان دەگاتە قۆناغی هزر کە کاکڵی پەیڤ و کۆتایی دەقە؛ بەو واتایە کە هەر هەوڵێکی زمانی لە نێو دەقدا بە مەبەستی هێنانەئارای ئەندێشەیە و بێتو هەر تێکستێکی هونەری و ئەدەبی خاڵی لە هزر و ئەندێشە بێ، بێگومان کارێکی نەکراو و هەوڵێکی بە تەواو مانا بێسوودە.

هزر بە تایبەت ئەو کاتە لە دەقی ئەدەبیدا خۆی مسۆگەر دەکا کە بە پاڵپشتی زمان و ڕیوایەتەوە، گۆڕانکاری و داهێنان بێنێتە ئاراوە. ئێستا ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە داهێنان چییە و گۆڕانکاری بە چی دەگوترێ؟ لە ڕوانگەی هەندێک لە ڕەخنەگراندا «بەرهەمی داهێنەرانە ئەوەیە کە سەرەڕای تێپەڕبوونی کات بە سەریدا، دیسان دەسەڵات و توانایی خوڵقاندنی ناوەرۆکی تازە و نوێی هەر تێدابێ.» (ایگلتون، ١٣٩٦: ٢٣٨) «سەرەڕای تێپەڕبوونی کات» دەستەواژەیەکی زۆر گرنگە کە دەسەلمێنێ بەرهەمی داهێنەرانە، بێجگە لەوەی لە کاتی سەرهەڵدانیدا گۆڕانکاری ساز کردووە و داهێنانی خۆی بەکار هێناوە، تەنانەت لە دوای تێپەڕینی کات و سەردەمێکیش بە سەریدا - زۆر، یان کەم، هەر تازەیە و هەنووکەش غوباری فەرامۆشی، بە تەواوی لێ نەنیشتووە.

دەیجا قسەی ناوێ کە ناوەرۆکی تازە شتێکە لە هزردا ڕوو دەدا و بە گۆشەنیگای داهێنەرەوە لە بەستێنی زماندا خوویا دەبێ. دەقی ئەدەبیش ئەو کاتە داهێنەرانەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی نیازەکانی کۆمەڵگە، ڕێچکەی نوێخوازی و پێشکەوتن بێنێتە گۆڕێ. بە پێی بیرۆکەی ئابراهام مازلۆ، مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا جۆرە پێداویستی و نیازگەلێکی هەیە کە لە نێویاندا ئەسڵی شکۆفەیی هزری و داهێنان، لە سەرووی هەمووانەوەیە و ئاشکرایە کۆمەڵگەیەک پێش دەکەوێ کە لە هەنگاوی هەوەڵدا نیاز بە داهێنان، لە هزر و بیری خۆیدا دەروونی بکا، هەر جۆرە نوێخوازی و خوڵقاندنێک کە ڕچە بشکێنێ.

ڕاستییەکەی ڕەگەزێک لە داهێنانە کە بێگومان لە دەقێکی کارامەدا زەروورەتی هەیە. مرۆڤ و پەیڕەوی ئەو، دەقی ئەدەبی داهێنەرانە دەتوانێ بابەتگەلی ناڕوون و تێکەڵ پێکەڵی زەینی کە کۆمەڵگە لەگەڵی دەستەویەخەیە، بە شێوازێکی هونەری ڕوون بکاتەوە و بۆ هەموو پرسیارە بێ وەڵامەکان، تیۆری بە دەستەوە بدا. واتای دەقی سەربەخۆ وەک پێشتر لە خوێندنەوەی بارت و فووکۆدا ئاماژەی پێ کرا، ڕێک ئەوەیە و هونەری ئەو شێوە دەقە لەوەدایە کە لە هەر حاڵدا کەسایەتی خۆی دەپارێزێ و بە خوڵقاندنی مانا و مەبەستی تازەوە، لە هزری بەردەنگدا بەرجەستەسازی دەکا. پێوەندیی نێوان بەردەنگ و دەقی داهێنەرانەش پێوەندییەکی تۆکمەی دوولایەنەیە کە زمان و ڕیوایەت بە جووتە، بنەماکەی دادەڕێژن و لەو ڕێبازەوە بەردەنگ لە بەهرە و حاسڵی (بەرهەمی) هزردا بەشدار دەکەن.

دیارە زمان و ڕیوایەت و هزر هەرکامەی کارکردی خۆی هەیە، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە دەقێکی داهێنەرانە، ناشێ هیچ کامیان وەپشتگوێ بخا. بە گوتنێکی دیکە دەکرێ بڵێین بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرز کە ڕەنگدانەوەی

لە نێو جەماوەری کۆمەڵگەدا هەبێ، دەق لانی کەم پێویستە خۆی بە یەکێک لەو بنەمایانەوە تەیار بکا. نابێ لە بیر بکرێ کە بیرۆکەی «ساخت شکێنی» هەڵوەشانەوەگەرایی ژاک دریدا- ش هەر ئەنجامی ئەو هەوڵە زەینییەیە کە لە پێشدا کاریگەری لە سەر ڕەخنەگرانی وێژە دانا و لە ڕەهەندی ڕاڤەی دەق و ڕیوایەتەوە، پەلی کێشا ناو زانستی ئیلاهییات و مۆسیقا و شێوەکاری و شانۆنامەوە، لە پاشان سەری لە ڕەوانکاوی (دەروونناسی) و فەلسەفە دەرهێنا. (صنعتی، ١٤٠٠: ٥٧) هۆی ئەوەی کە تا ئەو ڕادەیە دەق وەک نوێنەری زمان و بە دوای ئەویشدا ڕیوایەت، بەم شێوازە تەوەرە و ئامرازی کاری بیرمەندانی پەیڤ و بەرهەمی ئەدەبییە، بە ئەرخەیانییەوە ڕیشەی لەو ڕاستییەدا هەیە کە زەمینەیەک پێک بێ بۆوەی بەردەنگ بتوانێ چێژ، یان کاریگەری لە دەق وەربگرێ و جار لەگەڵ جار زیاتر ئاوێتەی بێ، بۆیە دەکرێ بڵێین مەرجی یەکەمی هونەر بە گشتی لەو بەستێنەدا ئەوەیە کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و خێرا لەسەر بەردەنگ دابنێ و ئەوەش لە خۆیدا سنووری نێوان هونەری ڕاستەقینە لەگەڵ بەناو هونەردا لێک جیا دەکاتەوە، بە ڕاڤەیەکی دیکە دەقی داهێنەرانەی ئەدەبی لە دەقی کەم مایەی قەتیس کراو هەڵداوێرێ، ئەگەرچی هیچ ڕەگەزێکی دەق لە خۆیدا لەوەی دیکە زیاتر نییە، بگرە هەرکامەی لە جێی خۆی دەکرێ وەک خاڵی دەسپێک و کەرەستەی چوونە ناو فەزای دەق لە بەرچاو بگیرێ. (بلزی، ١٣٧٩: ١٣٩)

شایانی ئامارژە پێکردنە کە فەلسەفەی سەرەکی سەرجەمی ئەو ڕەگەزانەی وەک زمان و ڕیوایەت و هزر باسیان لێ کرا، ئەوەیە کە بە پاڵپشتی یەکتر دەقێکی کارامە بخوڵقێنن. کۆنتاکت و دژوازییەکانیش حەقیقەتێکن کە لە جێی خۆیدا هەمیشە شوێنی سەرهەڵدانی بزاڤ و بیرۆکەی تازە و ڕاستییەکەی بنەمای داهێنان و خوڵقاندنی جیاوازی هونەرین. بیری نوێ لە هزری بێ ئۆقرە و بزۆزەوە سەرچاوە دەگرێ و ڕیشەی لە ناخوداگایەکدا هەیە کە بێ وچان بەرەو گۆڕان و ئەزموونی تازە لە جموجۆڵدایە، ئەگەرچی هەر بە تەنیا بیری نوێ بۆ حاڵەتەکە بەس نییە و لە حەقیقەتدا کۆی ئەو ڕەگەزانەیە کە وێڕای یەک دەق دەگەیەننە لووتکە و خەون و خولیای بەردەنگ لە نموونەیەکی سەرکەوتوودا وەڕاست دەگەڕێنن.

**ئەنجامی توێژینەوە:**

زمان و ڕیوایەت و هزر لە گوتاری بیرمەندانی وێژە و زمانناسیدا، پێگەیەکی بەرچاویان بۆ تەرخان کراوە. حەقیقەت ئەوەیە کە زمان لە دەقی ئەدەبیدا چەمکێکی ئامرازییە لە هزر، کە وێڕای ڕیوایەت، مەبەست و واتای زەینی ڕادەگوێزێ و دەیهێنێتە قۆناغی عەینییەتەوە. بە گوتنێکی دیکە هەرکات بابەتێکی ئەدەبی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێ و بە گۆشەنیگای تایبەتەوە لە بەستێنی زماندا ڕوو دەدا، ئەو کاتەیە کە گەیشتووەتە قۆناغی حەقیقەت و لەلایەن بەردەنگەوە توێژینەوەی بۆ دەکرێ. زمان کەرەستەی کەشفی نەست و ناخوداگایە و هەر دەقێکی ئەدەبی (مەبەست: دەقێکی فەڕزیی سەرکەوتووە) لە ماهییەتی خۆیدا، پابەندی ئەو سێ ئەسڵەیە کە شوناسیان پێداوە و وەک دەنگێکی سەربەخۆ لە مێژوودا هێشتوویانەتەوە.

**سەرچاوە:**

١- ایگلتون، تری (١٣٩٦)، آثار ادبی را چگونه باید خواند، ترجمەی محسن ملکی، بهزاد صادقی، چاپ دوم، تهران: انتشارات هرمس.

٢- بارت، رولان (١٣٨٢)، لذت متن، ترجمەی پیام یزدانجو، تهران: نشر مرکز.

٣- بلزی، کاترین (١٣٧٩)، عمل نقد، مترجم عباس مخبر، تهران: نشر قصه.

٤- پاینده، حسین (١٣٨٢)، گفتمان نقد، مقالاتی در نقد ادبی، تهران: نشر روزنگار.

٥- چامسکی، نوام (١٣٩٣)، زبان و اندیشه، ترجمەی کوروش صفوی، چاپ پنجم، تهران: انتشارات هرمس.

٦- شفیعی کدکنی، محمدرضا (١٣٩٢)، زبان شعر در نثر صوفیه (درآمدی به سبک شناسی نگاه عرفانی)، چاپ چهارم، تهران: انتشارات سخن.

٧- شفیعی کدکنی، محمدرضا (١٤٠١)، حالات و مقامات م. امید، چاپ هفتم، تهران: انتشارات سخن.

٨- شمیسا، سیروس (١٣٨٨)، نقد ادبی، چاپ سوم، تهران: نشر میترا.

٩- شمیسا، سیروس (١٣٩٤)، مکتب های ادبی، چاپ هشتم، تهران: نشر قطره.

١٠- صنعتی، محمد (١٤٠٠)، تحلیلهای روانشناختی در هنر و ادبیات، چاپ نهم، تهران: نشر مرکز.

١١- وبستر، راجر (١٣٨٢)، پیش درآمدی بر مطالعەی نظریەی ادبی، ترجمەی الهه دهنوی، تهران: نشر روزنگار.